# هۆلۆکۆست لە شێوەی فیلم و فۆڕماتی (کۆمیک)دا

و/ کەمال سەرکەتوویی

لە( هۆلۆکۆست) holocaust- دا بۆ هەمووان ئاشکرایە لە جەنگی دووهەمی جیهانیداو لە سەردەستی نازییەکانی هیتلەر (ناسیۆنال سۆسیالیزم)دا زیاتر لە 6 ملیۆن جولەکەو سنتی و رۆما بوونە قوربانی و بە زیندوویی خنکێنران و سوتێنران و بەکۆمەڵ کوژران یا گوللەبارانکران و لە مێژوودا بە جینۆسایدکردنی جولەکەکان ناسراوە، هەر بۆیە ئەم کۆمەڵکوژییە بووە بە بەشێک لە مێژووی جیهان و بە (هۆلۆکۆست) ناسراوەو لە زۆربەی وڵاتان وەکو وانە بە منداڵان دەوترێتەوە، بەتایبەتی لە ئەوروپا. ئەمە بۆ ئەوەیە تاکو لە منداڵان بگەیێنن ئەو کارانەی کە نازییەکان ئەنجامیانداوە دەرهەق بە جوولەکەکان و گەلانی تر کارێکی قێزەون و نامرۆڤانەیەو پێویستە مرۆڤ ئیدانەیان بکات، بۆ ئەو مەبەستە ئەوروپا بەتایبەتی وڵاتانی وەک فەرەنساو ئەڵمانیا دەیانەوێت (هۆلۆکۆست) کە تاکو ئێستا لە رێگای فیلمی دۆکیۆمێنتارو هەندێک شتی ترەوە وەکو وانە بە قوتابیانیان خوێندووە، بەڵام ئێستا دەخوازین لە شێوەی (comic) بکرێتە وانە بۆ قوتابیان.

هەرچەندە لەمبارەیەوە لەسەر (هۆلۆکۆست ) Holocaust –دەیان فیلمی جۆراوجۆر هەیە کە زیاتریان فیلمی دۆکیۆمێنتارییە، لەم دواییانەدا ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە ئەڵمانیا بیریان لەوە کردەوە کە بۆ زیاتر ناساندنی (هۆلۆکۆست) لای منداڵان باشتر وایە لە شێوەی فۆڕماتی (کۆمیک – comic)پیشانیان بدرێت و لەسەری بخوێنن، هەر بۆیە ئێستا لە ئەڵمانیاو فەرەنساو زۆر وڵاتانی تری ئەوروپی چیرۆکی (هۆلۆکۆست) لە شێوەی فۆڕماتی (کۆمیک) بەرهەمهێنراوەو منداڵان فێردەکەن کە چۆن (نازییەکان) ئەو کۆمەڵکوژییەیان ئەنجامداوە دژ بە مرۆڤایەتی، حاڵی حازریش لە ئەڵمانیا وەک ئەزموون لەلایەن ناوەندی( (Berliner anne– frank– zentrun) هۆلۆکۆست) بە شێوەی فیلم یا فۆڕماتی comic)وەکو وانە بە قوتابییەکانی پۆلی 7 تاکو 10ی قوتابخانەکانی بەرلین دەڵێنەوە، جێگای ئاماژەپێدانە هەندێک لە مامۆستایانی زمان پێیان وایە کە مەسەلەی) هۆلۆکۆست) وەکو وانەو لە شێوەی (کۆمیک)دا بۆ منداڵان راستیی رووداوەکان بە تەواوی ناپێکێت و دوورە لە دەقەکەوە، ئەمە رای زۆر لە مامۆستایانی ئەڵمانییە کە ئەوان فیلمەکانیان پێ باشترە وەک لە (کۆمیک) بۆ راستیی رووداوەکانی (هۆلۆکۆست)، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەمان سەنتەری (Berliner anne– frank– zentrun) ئەوان پێیان وایە کە بە شێوەی کۆمیک باشترە بۆ فێرکردنی قوتابیان و ئێستاش وەکو هەنگاوی یەکەم بە وێنەو تێکستەوە لە شێوەی فۆڕماتی گەورەو بە وێنەی (کۆمیک) لەسەر ئەو مەسەلەیە لە کتێبی 80 لاپەڕەییدا چاپکراوەو لە قوتابخانەکاندا وەکو وانە دەوترێتەوە، لە مانگی فێبریوەری 2008ەوە تاکو کۆتایی مانگی 6ی 2008، بەڵام جارێ تەنها وەکو تاقیکردنەوە لەلایەن سەنتەری ناوبراوەوە دوای چەند مانگی تر سەردانی ئەو قوتابخانانە دەکرێت و راپرسی دەکرێت لە قوتابیان و مامۆستایان

بۆ ئەوەی بزانن تا چ رادەیەک لە شێوەی (کۆمیک)دا سەرکەوتووە وەکو وانە بوترێتەوە، هەروەها ئەم کتێبە لە هەنگاریاو پۆڵۆنیا بەهەمانشێوە تاقی دەکرێتەوەو وەکو وانە بە خوێندکارانی ئەو وڵاتانەش دەوترێتەوەو لە هۆڵەنداش لە 2005ەوە لە هەندێ قوتابخانەدا تاقیکردنەوەی لەسەرکراوە. بەڵام بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو وێنانەی ناو کتێبەکە کە لەسەر (هۆلۆکۆست)ن رەنگی رەش و سپییان هەبێت باشترە وەک لە رەنگاورەنگ، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو سەنتەرە واتە سەنتەری (ئانا فرانک anne – frankα) هیوادارن کە ئەو تاقیکردنەوانە لەسەر وتنەوەی وانەی) هۆلۆکۆست) لە شێوەی (کۆمیک)دا مەلەسەکە زیاتر وروژاندن لەخۆبگرێت بۆ ئەوەی خوێندکاران بە وزەیەکی چاکترەوە وانەکان وەربگرن باشتر لێی تێبگەن و سەرکەوتوو بن تیایدا.

*سەرچاوە–der spigel :ی ئەڵمانی.